# ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
# گۆشەی گەرماو گەرم

ئەركان محەمەد رەشید- کەلار
Arkanmr2002@yahoo.com

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2005/9/9ولەژمارە 3771ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێداولەگۆشەی (گەرماو گەرم) بابەتێکی برای ڕۆژنامەنووس کاك جەمال عەبدوللآم لەژێر ناونیشانی (کەلار) دا خوێندەوە , وەلەسەر ئەونوسینەی بەڕێزی چەندین پرسیارم لادروست بووکەپێویستی هەڵوێستەلەسەر کردنە.

لەسەرەتاداو لەناونیشانی گۆشەکەدانوسیبوی کەلار ئیتر بێ ئەوەی پێشگر یان پاشگرێکی هەبێت ئایا کەلاری چی (خۆپیشاندانی کەلار .شاری کەلار.قەڵای شێروانەی کەلار) کە ئەم نوسینە خۆی بۆ خۆی کەم کردنەوەی گەورەیی وناوبانگی شاری کەلارە کەیەکێکە لە گەورەترین قەزاکانی عێراق وکوردستان وژمارەی دانیشتوانی لە سەد هەزار کەس زیاترە . وە لەدیوێکی تری بابەتەکەوە ناهەقی کاکی نوسەر ناگرم کە چۆن باس لە خراپی خۆپیشاندانەکە دەکات چونکە ئەویش هەر وەکو ڕۆژنامەکانی تری کوردستان هەریەکەو بەدڵی خۆی شەنی پێ دەکات تا کار گەیشتە ئەوەی پرسیارم لە چەند هەواڵ نێرێکی ئەو ڕۆژنامانە کرد؟ ئایا ئێوە بەو شێوەیە ڕووداوەکەتان ناردووە بەڕێزیان ووتیان نەخێر وزۆریش بێزاربوون لە وەی کەبەو شێوەیە ئەو خۆپیشاندانە لە ڕۆژنامەکانەوە باس کراوە کەئەمەش داهێنانێکی نوێی ڕۆژنامەگەری کوردی یە کە بە بێ ئاگاداری هەواڵ نێر رەوتی هەواڵ و پێشهاتەکان لەسەرەوەبگۆڕێت کەبێگومان ئەمە یەکەم جار نی یە شتی واڕووبدات .

بەشێکی تری نووسینەکە باس لەوە دەکات کە خۆپیشاندان کارێکی دیموکراسیانەیە وەکو ئەوەی کەس نەزانێت کە وایە بەڵام ناڵێت کەچێ بەجێ کردنی ئەو بەندانە زۆر گرنگترە لە باس کردنی.وەبەڕێزت باش دەزانی هەموو ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندان دەکەن جگە لەداواکاری و گلەیی وگازندە و چاکسازی لەگەڵ خۆیاندا دەسکە گوڵیان پێ نی یەو پێویستە لایەنیپەیوەندی داریش باش خۆی بۆ ئامادەبکات وە هەمووڕێپێوانێکیش لایەنی (ئیجابی وسلبی ) تێدایە کەبێگومان بەڕێزت بە هیچ شێوەیەك باست لەلایەنی ئیجابی نەکردووە کەئەو گەنجە چالاکانە ی بەڕێوەبەری خۆپیشاندانەکە پێ ی هەستاون لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی دەسەڵات وحکومەت پشتگیری بۆ گەنجانی گەرمیان دووپات کردەوە کە داواکانیان مافی رەوای خۆیانەوە پێویستە چارەسەر بکرێت.

وەپێم وایە بەڕێزت کەبابەتێکی بەم شێوەیە دەنوسیت دەبێت یەکێك بیت لەو کەسانەی کە یان لەنزیکەوە لە گەڵ ڕووداوەکەدابیت یاخوود لەکەناڵێکی ڕاگەیاندنی گەرمیانەوە بینیبێتت کەبێگومان هیچ لەوانە نی یەو دەتوانم بڵێم کاتێك ئەو ڕێپێوانە ئەنجام دراوە بەڕێزت لە گەڵ هەوای سپلیتدا چۆنی باشیت دەکرد پێویستت بە باوەشێن نەبوو وە بەڕێزت بڕواناکەم لەم هاوینەگەرمەدا ڕۆژێك سەردانی شاری کەلارت کردبێت وبزانیت چەندە گەرمە.

کاك جەمال هەموو مان دەزانین گەرمیان یەکێکە لە ناوچە دووره دەستەکانی حکومەتی هەرێم وئەوەی پێویست بێت لەڕووی خزمەتگوزارییەوە وەکوپێویست بۆینەکراوە لەبەرامبەر قوربانیو خەباتی خەڵکی گەرمیانی کە بەسوتەمەنی شۆڕش ناسراوەو حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم ئەو گەنجانەی ئەمڕۆ ئەو خۆپیشاندانەیان کردووە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگای گەرمیانیان تیدایەو کەس زۆری لێنەکردوون تەنها هەست بە بەبەرپرسیارێتی کردنی خۆیان نەبێت( لێدوانەکانی هەردوو گرووپی بەمەدەنیکردنی کەلار-رزگاری وگۆران ) کەتەنها هاندەر دەرك کردن بە کەم تەرخەمی وکەمی خزمەت گوزاریو بوونی گەندەڵی ئیدارییە .وەمن حەز دەکەم ئەوەشت بۆ روون بکەمەوە کە جیاوازی نیوان گەنجێکی گەرمیانیو گەنجێکی هەرشارێکی تر چییە وە دلنیابە ئەو باروودۆخەش چوو کە گەنجی گەرمیانی کاربکات وخەڵکی تر بەرهەمەکەی بخوات چونکە زۆرمان بینیو زۆرمان بیست کەوایان نیشان دەدا کە گەرمیانی تەنها بۆ ئەوە کراوە سووتەمەنی خەڵکانی تربێت .بێگومان وەڵامدانەوەی بابەتەکەی بەڕێزت گۆشەیەکی تایبەتی وەکو گەرماوگەرم ی دەوێت بەڵام وەکو گەرمای هاوینی کەلار کە لە 45 پلە زیاترە بۆ ئەوەی بەڕێزت هەست بەوە بکەیت کەمنداڵی ئەنفال وشەهیدی گەرمیانیش بەشێکی تایبەتیان

هەیـەو بـۆ چـەند سـاڵێك دەبێـت لێیـان كـەم دەكرێتـەوە .وە ئـەوەش بـۆ بـەڕێزت روون دەكەمـەوە كـە ئـەو گەنجانـەی ئـەو خۆپیشاندانەیان كرد هەر ئەو گەنجانەن كە چەند مانگێك بەشێكی زۆریان دەنگیان بەحكومەتی هەڵبژێراوی كوردی دا .
وەلە كۆتایی دا دەڵێم ئەو گەنجانە خۆپیشاندانیان ئەنجام داو دەسەلأتی حیزبی وحكومی ناوچەكە پشتیوانی داواكانی ئەوان و خەڵكی گەرمیانیان كردوو بڕیاریانداوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوەو ئیتر بەڕێزت بە هەر چۆن لێكی دەدەیتەوە ئەوەڕای تایبەتی و دووری خۆتە كە دڵنیام لەكورتەی هەواڵەكاندا خۆپیشاندانەكەت بینیوە .وە داواكاری وگلەیی خەڵكی گـەرمیان تـەنها هەرلـە تۆ نـیـە بەڵكو لەراگەیاندنەكانی تری بینراوو بیستراوە كە بە سادەترین شێوە چالاكیو هەواڵی گەرمیان بڵاو دەكەنـەوەو ئـەم دیاردەیـەش وەلأم دانـەوەو هەڵوێستەلەسـەر كردنـی پێویستـەو هـەموو شـتێك لـەكاتی خۆیـدا بڵـاو دەبێتـەوە .وەپێشم باشـە كەسێكی وەكـو بـەڕێزت بێبـوونی زانیـاری وورد بابـەت نەنوسـیت چـونكە ئـەو گەنجانـەی خۆپیشـاندانەكەیان ئـەنجام دا هـەر خۆیان زوو بەزوو ئیدانەی ئەو ئاژاوەو گێرەشێوێنیەیان كردكەروویدا كە بەڕێزت باست كردووە كە دڵنیام زیانـەكانی بـە قـەد گەندەڵی دەزگایەكی بچووكی گەرمیان وكوردستان تێدا نەكراوە.

تیبینی:ئەم وەلأمە تایبەتە بە گۆشەی گەرماو گەرمی كاك جەمال عەبدولأ وئەگەر بلأوی نەكەنەوە ئەو سایت ورۆژنامەی تـر زۆرە وەلەكۆتایدا سلأو.